# یه‌کی مانگی مه‌ی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پیرۆز بێ



له ٢١ی ئاوریلی ساڵی ١٢٥٦ی زایینی، بۆ یه‌که‌م جار ڕێ و ڕه‌سمێکی به شکۆ له‌لایه‌ن کرێکارانی ئوسترالیا به‌ڕێوه‌چوو، که به‌ڕێوه‌چوونی ئه‌و ڕێ و ڕه‌سمه بووه سه‌ره‌تایێك بۆ به‌رز ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی کرێکاران له سه‌رانسه‌ری جیهان.

به هۆی ئاڵۆزی ئابووری و که‌می فرۆشی که‌ل و په‌ل ده‌یان کارخانه له سه‌رانسه‌ری جیهان، له کارکه‌وتوون و هه‌زاران کرێکار له سه‌ر کاره‌کانیان ده‌رکراون و هه‌روه‌ها سه‌دان ناوه‌ندی گرینگی پیشه‌سازی داخراون یان لقه‌کانیان له وه‌ڵاتانی جیاجیا، له کار ڕاگیراون.

له ئێرانیشدا هه‌ل و مه‌رج به ڕاده‌یێك ناله‌بار و ئاڵۆزه که هه‌رده‌م ئه‌گه‌ری سه‌رهه‌ڵدانی ناره‌زایه‌تی به‌رینی کرێکاری و جه‌ماوه‌ری لێ ده‌کرێ. ئاخونده ده‌سه‌ڵاتداره‌کان له بری به ده‌مه‌وه چوونی ویسته‌کانی خه‌ڵك و کرێکاران، له دزینی سه‌رمایه و داهاتی جه‌ماوه‌ری ئێران خه‌ریکن.

به‌بوونی وه‌زعی ناله‌باری ئابووری و هه‌ڵاوسانی ٣٠ له سه‌د، مه‌ترسی داخرانی ناوه‌نده پیشه‌سازیه گه‌وره و بچووکه‌کان زۆرتر بووه. به پێی سه‌رژمێریه‌کان ده‌یان ناوه‌ندی پیشه‌سازی بچوك له شاره‌کانی تاران، ته‌ورێز و ئیسفه‌هان داخراون.

له ماوه‌ی یه‌ك مانگی ڕابردوودا، ده‌یان کرێکار له چه‌ند کارخانه و ناوه‌ندی پێشه‌سازی ده‌رکراون.

ئاخونده ملهوڕه‌کان له بری ئه‌وه‌ی هه‌وڵ بۆ چاره‌سه‌ر کردنی وه‌زعی ناله‌باری ژیانی کرێکاران و نه‌هێشتنی بێکاری بده‌ن، به به‌رده‌وامی له به فیڕۆدانی سه‌رمایه‌ی خه‌ڵك و به‌خشینه‌وه‌ی به ڕێکخراوه ترۆریستیه‌کان خه‌ریکن.

دزینی سه‌رمایه‌ی نه‌ته‌وه‌یی خه‌ڵکی ئێران بۆته کارێکی ئاسایی ده‌سه‌ڵاتداران و ده‌ست و پێوه‌نده‌کانیان.

له‌گه‌ڵ ئه‌و گشته ڕاو و ڕووت و به تاڵان بردنه‌ی سه‌رمایه‌ی خه‌ڵك، له‌لایه‌ن ئاخونده ده‌سه‌ڵاتداره‌کان و هێزه ئه‌منیه‌تیه سه‌رکوتگه‌ره‌کان، که‌م ڕۆژ هه‌یه کرێکارانی ئازادیخواز و که‌سایه‌تیه سیاسی و فه‌رهه‌نگیه‌کان که‌ونه به‌ر هێرش و هه‌ڕه‌شه و تۆقاندن، سه‌رکوتی کرێکارانی شیرکه‌تی (واحیدی ئوتوبوسرانی) و ده‌یان ناوه‌ندی پێشه‌سازی له‌لایه‌ن ناوه‌نده ئه‌منیه‌تیه‌کانی ڕژیمه‌وه به به‌رده‌وامی درێژه‌ی هه‌یه. له به‌رانبه‌ر ئه‌و گشته سه‌رکوته‌ی هێزه ئه‌منیه‌تیه‌کانی ڕژیم و که‌م ته‌رخه‌می ده‌سه‌ڵاتداران به ژیانی کرێکاران و جه‌ماوه‌ر، جێگه‌ی خۆشیه کرێکاران درێژه به خه‌بات و چالاکی که‌م وێنه ده‌ده‌ن له به‌رانبه‌ر ده‌سه‌ڵات دا بۆ هاتنه دی داوا ڕه‌واکانیان.

شکی تێدانیه، به خه‌باتی بێ وچانی کرێکاران و جه‌ماوه‌ر، ماف و ئازادی، تێکڕایی وه‌دی دێ و ویسته‌کانی جه‌ماوه‌ری ئێران، که ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و ده‌سته‌به‌رکرانی ده‌سه‌ڵاتێکی دیموکراتیك و نیشتمانیه وه‌دی دێ.

به‌بۆنه‌ی یه‌کی مانگی مه‌ی ڕۆژی جیهانی کرێکاران گه‌رمترین پیرۆزبایی به کرێکارانی کورد و ئێران پێش که‌ش ده‌که‌ین.

هیوادارین کرێکارانی کوردستان و ئێران به یه‌کیه‌تی و ته‌بایی، له خه‌بات دژی ڕژیمی سه‌ره‌ڕۆی ئاخوندی و هه‌وڵ بده‌ن زیاتر له ئێستا پێشڕه‌وی شۆڕشی ئازادیخوازی و ماف خوازی له کوردستان و سه‌رانسه‌ری ئێراندا بن.

هیوادارین، سته‌م له سه‌ر کرێکاران هه‌ڵگیرێ و کار و پێداویستی ژیان و مافی نیشته‌جێ بوون و بیمه‌یان بۆ جێ به جێ بکرێ.

بروخێ ڕژیمی سه‌رکوتگه‌ر و دژ به ئازادی و چه‌وسێنه‌ری سه‌ره‌کی کرێکاران.

سه‌رکه‌وێ خه‌باتی مافخوازانه‌ی کرێکارانی کوردستان و ئێران

سازمانی خه‌بات ی کوردستانی ئێران

کۆمیته‌ی ناوه‌ندی

٨ی بانه‌مه‌ڕی ١٣٨٨

***

# سه‌ردانی خامنه‌یی ڕێبه‌ری ڕژیمی ئاخوندی ترس و هه‌ره‌شه‌یه بۆ گه‌لی کورد




ڕۆژی سێ شه‌ممه ٢٢ی بانه‌مه‌ر ئاخوند خامنه‌یی ڕێبه‌ری ڕژیمی ئاخوندی سه‌ردانی کوردستان و شاری سنه‌ی کرد و قسه‌ی بۆ ژماره‌یێك له‌ده‌ست و پێوه‌نده‌کان و به‌کرێگیراوانی ڕژیم کرد.

سه‌ردانی ڕێبه‌ری ڕژیم به‌دوای ئاماده‌باشی هێزه‌کانی ڕژیم له‌کوردستان و هێنانی هه‌زاران هێزی تایبه‌تی له‌شاره‌کانی ئێرانه‌وه و هه‌روه‌ها به‌ڕێوه‌بردنی حکوومه‌تی نیزامیی ڕانه‌گه‌یندراو به‌ڕێوه‌چوو.

هاتنی خامنه‌یی بۆ کوردستان یه‌کێکه له‌نمایشه گاڵته‌جارییه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی ئاخوندی و هیچ بنه‌مایه‌کی دروست و ڕاستی تێدا نییه و ته‌نیا به مه‌به‌ستی فریوکاری و بۆ هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندنی خه‌ڵکه که بێ گومان ئه‌و نمایشه‌ی ڕژیمیش وه‌ك تێکرای فریوکارییه‌کانی ئاخوندان ئاکامێکی نابێ و ده‌بێته هۆی زیاتر توڕه‌بوونی خه‌ڵکی کوردستان له‌ده‌سه‌ڵاتی سه‌رکوتگه‌ر.

ئاخوند خامنه‌یی له‌قسه‌کانی له‌به‌رده‌م ژماره‌یێك له‌به‌کرێگیراوان و ئه‌و خه‌ڵکه‌ی به‌زۆری هێندرابوونه پێشوازی، باسی له‌هاوبه‌شی گه‌لی کورد له‌ئێران و ڕێز و حورمه‌تی له‌لای ده‌سه‌ڵات کرد. خامنه‌یی له‌برایه‌تی شیعه و سوننی و ڕێزی حاکمیه‌ت بۆ سوننی مه‌زهه‌به‌کان ده‌دوێ و باسی عه‌داڵه‌ت و ئازادی ده‌کا که ڕژیمی ئاخوندی بۆ خه‌ڵکی کوردستان و خه‌ڵکی ئێرانی هێناوه.

به‌ڵام به پێچه‌وانه‌ی قسه‌کانی خامنه‌یی و له‌ڕاستیدا خه‌ڵکی کورد بێجگه له‌بێ ڕێزی، سه‌رکووت، ئیعدام، چه‌وسانه‌وه و پێشێل کردنی سه‌رتایی ترین مافه‌کانی هیچ خێرێکی له‌ئاخوندان و ده‌سه‌ڵاتی ملهورانه‌یان نه‌دیوه. ئیعدامی به‌کۆمه‌ڵی لاوانی شۆڕشگێری کورد، وێرانکردنی شار و دێی کوردستان له هێرشی هێزه‌کانی ڕژیم له‌هاوینی ساڵی ١٣٥٨ به‌دواوه که به فه‌رمانی جیهادی خومه‌ینی له‌دژی خه‌ڵکی کورد ده‌ستی پێکرد،که سه‌دی نه‌وه‌د و پێنجی موسڵمانن. دوای ئه‌و گشته سته‌مه خامنه‌یی میراتگری خومینی بۆ فریوکاری باسی له‌برایه‌تی سوننی و شیعه و برایه‌تی کورد و نه‌ته‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری سه‌رکوتگه‌ر ده‌کا.

ئه‌گه‌ر خامنه‌یی ڕاست ده‌کا و ڕێزی بۆ گه‌لی کورد و ویسته‌کانی هه‌یه، با ریفراندوم و ده‌نگدانێکی ئازادانه که ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان و ڕێکخراوه جیهانیه‌کان چاودێری بکه‌ن له‌کوردستان ڕێکبخا ئه‌و کات بۆی ده‌رده‌که‌وێ گه‌لی کورد بێجگه له نه‌فره‌ت بۆ ڕژیم و ده‌سه‌ڵاتداران و ده‌نگ دان به ئازادی شتێکی دیکه‌یان نییه.

خامنه‌یی ده‌توانێ به پشتیوانی تانگ و تۆپ و فڕۆکه و هێزی زۆری سه‌رکووت سه‌ردانی شاره‌کانی کوردستان بکا و ئه‌ویش سه‌ردانی به په‌له و بۆماوه‌یه‌کی کورت.

خامنه‌یی و تێکرای کاربه‌ده‌سته‌کانی دیکه‌ی ڕژیم ده‌زانن ئه‌گه‌ر به پشتیوانی هێزی زۆر و وه‌ری خستنی حکوومه‌تی نیزامی له‌کوردستان نه‌بوایه هیچ کات نه‌یان ده‌توانی ڕوو بکه‌نه شاره‌کانی کوردستان.

بێ گومان سه‌ردانی خامنه‌یی چه‌ندین مه‌به‌ستی سیاسی له‌پشته‌وه‌یه که یه‌کێك له‌مه‌به‌سته‌کانیان ئه‌وه‌یه له‌ئێستاوه ئاکامی نمایش هه‌ڵبژاردن سه‌رۆك کۆماری ڕژیم، کۆتایی پێ بێنن و جارێکی دیکه پاسدار ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد له‌سه‌ر کورسی سه‌رۆك کۆماری ڕژیم دابنیشێته‌وه.

خامنه‌یی به خه‌یاڵی ئه‌وه خه‌ڵکی کوردستان له‌نمایشی هه‌ڵبژاردن دا به‌شداری ده‌که‌ن و ده‌نگ ده‌ده‌ن نوێنه‌رانی به‌ناو ڕێفۆرمخواز، به‌ئاشکرا ده‌ستی کرد به دیفاع له ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد و داوای کرد ده‌نگی پێ بده‌ن. ئاشکرایه خه‌ڵکی کوردستان وه‌ك هه‌میشه نه‌فره‌تیان له‌ده‌سه‌ڵاتی ئاخوندان ده‌رده‌برنه‌وه له‌ڕۆژی نمایشی هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆك کۆماری ڕژیمیش جارێکی تر به ده‌سه‌ڵاتی ئاخوندی، نا، ده‌ڵێنه‌وه و ئه‌و ڕژیمه ڕیسوا ده‌که‌ن.

خه‌ڵکی کوردستان ڕۆژی هاتنی خامنه‌یی به ڕۆژێکی ڕه‌ش له‌مێژووی کوردستاندا داده‌نێن و خامنه‌یی به سه‌ربه‌ستی ده‌سه‌ڵاتێکی سته‌مگه‌ر و دڕنده ده‌زانن و ئاخوندان له‌خویان به بێگانه ده‌زانن و ڕژیمه سه‌رکوتگه‌ره‌که‌شی به هۆی هه‌ژاری و ده‌رده‌داری و گرانی و سته‌م و بێعداڵه‌تی ده‌زانن. هه‌ر له‌و پێوه‌ندیه‌شدا هاتنی خامنه‌یی مه‌حکووم ده‌که‌ن و جارێکی تر ئه‌و ده‌ڵێنه‌وه که ئازادی و گه‌یشتن به مافه ڕه‌واکانیان ویستی هه‌میشه‌یی و نه‌گۆڕه و به‌هاتنی خامنه‌یی بۆ کوردستان سوورتر له‌ڕابردوو داواکانیان ده‌ڵێنه‌وه و مه‌رگ و نه‌مان ده‌نێرن بۆ ڕژیمی ئاخوندانی سته‌مگه‌ر و مرۆڤ کوژ.

***